# بەرگە نوێیەکەی قەیسەر

بەرگە نوێیەکەی قەیسەر (بە کوردی بە - بەرگە نوێکەی پاشا- وەرگێڕدراوە ) یەکێکە لە بەرهەمگەلی نووسەری بەناوبانگی دانیمارکی، هانس کریستیان ئەندەرسن (1805- 1875)



هانس کریستیان ئەندەرسن

کورتەی چیرۆکەکە:

شایەکی گەمژە، لەلایەن بەرگدرویەکەوە، بەهاوکاری کەسانی نزیکی شا، هەڵدەخڵەتێنرێت، کە گوایا بەرگێکی ئەفسوناوی و بێهاوتای بۆ دراوە. بەڵام لەڕاستیدا شا ڕووتە. کاتێک شا، بە هاوڕای وەزیر و گوزیر، بەڕووتی بەناو شاردا دەگەڕێت، منداڵێک لێی دەکاتە هەڵا و هاوار دەکا: «ئەری خۆ شا ڕووتە و هیچی لەبەردا نییە !»



"I'm arresting you for bringing the Emperor into disrepute."

(بابەت و وێنەکە، لە سایتی وێکەپیدیا وەرگیراون.)

## شای زبڵ

ڕۆژی 6/6 ڕۆژی نەتەوەیی سویدە بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ و چالاکی جۆراوجۆر ساز دەکرێت. ئەمساڵ لەو ڕۆژەدا شای سوید، گوستاڤی پێنجەم، ئامادەی ئاهەنگێک ببوو، لەپڕ دایکردە باران. هەرکە بارانەکە لە نمەوە کردییە لێزمە، گوستاڤ کیسەیەکی زبڵی (کیسەی ڕەش) لەگەڵ خۆی هێنابوو، یەکسەر کیسەکەی لەخۆی پێچا، بۆ ئەوەی تەڕنەبێت.



شا گوستاڤی پێنجەم

کچەکەی گۆستاڤ، ڤیکتۆریا، کە شازادەی تەختی سویدە و تاجی سوید دەکاتە سەر، زۆر بەم کارەی بابی پێکەنی. شاژن سلڤیا، لەم کارەی گوستاڤی هاوسەری، خەجاڵەت ما.



شاژن سلڤیا، شا گۆستاڤ و شازادە ڤیکتۆریا

( ئەم باسە لە گۆڤاری، سێ ئۆگ هۆر- ببینە و ببیسە-ی نەرویجی، ژ. 29 هەفتەی 29 ،18-2011/7/25 وەرگیراوە. وێنەکان لە سایتی گوگلە دەرهێنراون.)

با هەندێ پرسیار بهورژێنین:

- بۆ دەبێت یەکێک شا بێت و فەرمان بەسەر خەڵکانی دیکەدا، یان گەلێکدا بکات؟ کێ مافی ئەوەی داوەتێ؟

- ئایا شاکان لە گشت کەسانی دیکە زیرەکتر و بەتواناترن بۆیە بوونەتە شا؟

- ئایا شا و شازادەکان دەبێت هەمیشە پۆشاکی گرانبەها و بێهاوتایان لەبەردا بێت؟

- ئایا مرۆڤ بە پۆشاکی گرانبەهاوە شکۆی زیاترە؟

- گەر شایەک کیسەی زبڵ، یان هەر پۆشاکێکی دیکەی بێ بەهای لەبەردابێت، ئیدی وەک شایەک شکۆی نامێنێت؟

- ئایا مەبەست لە پۆشینی پۆشاک، پێداویستییە، یان نیشاندانی پلەوپایە و توانای ئابورییە؟

- ئایا بەرهەمێک (شتێک)، (وەک کیسەی زبڵ) دەبێت هەر بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێت، کە بۆی دروستکراوە. (واتە هەر بۆ زبڵ)، یان دەشێت بۆ مەبەستی دیکەش بەکاربهێنرێت؟